www.kurdistannet.org
31-1-2006 21:58بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کارەساتێکی دڵتەزێن و بەرپرسیارێتی دەوڵەت! ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



دوو رۆژ لەمەوبەر و لە هەواڵێکی دڵتەزێنی تەلەفزیۆنی کوردستان باس لە خنکانی منداڵێکی جوانکیلەی تەمەن شەش ساڵی کرا لە شاری دهۆک کاتێک کە لە قوتابخانە لەگەڵ برادەرێکی هاوتەمەنی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە و لە رێگا دەکەوێتە چاڵێکی پڕ لە ئاوەوەکەسیش لەو نزیکانە نابێت بەهانایاەوە بچێت و فریای کەوێت و دیارە نووزەو گریانی برادەرەکەشی لە و شوێنە کەس ئاگادار ناکاتەوە تاکو گیانی پاکی ئەو پەپوولەیە لاشە ساردوسڕەکەی جی دێڵێ و دەگەڕێتەوە لای خواوەندی دلۆڤان و کۆست و کەسەرێکی زۆر بۆ دایک و باوک و هەڤاڵەکانی جێدەهێڵێ.
ئیتر لاشە ناسکە بێنازەکەی لەگەڵ جانتای رەنگاوڕەنگی کە چەنددەفتەرو کتێبێک و یەک دونیا هیوا ئومێدو حەرزو ئارەزوو بۆ ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی تێدا دەبێت بە هۆی خێرخوازێک دەگەیەنرێتە خەستەخانە. پاشان پۆلیسی تاوان بە ئاگا دێن و بەرەو شوێنی رووداوەکەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کارەساتە دەکەن و کەسێکی تاوانبار نادۆزنەوەوئەو کارەساتە جەرگبڕە دەخەنە قاڵبی قەزاو قەدەرەوە!! هەروەکوو پۆلیسی لێکۆڵەوەر بە ئاشکرا لەسەر تەلەفزیۆن روونی کردەوە. بەڵام ئایا ڕاستە کەسێکی تاوانبار لەم رووداوە دا نیە!؟ بەڕای من و زۆرانی وەک من تاوانبارەکە زۆر ئاشکرا دیارە و هەر کەسێک لە ئەلف و بای دونیای شارستانی شارەزا بێت دەزانێت کە تاوانبار لەو کێشەیە دام و دەزگای دەوڵەتە. یان بە شیوەیەکی دیارتر شارەوانیە کە دەزگایەکی دەوڵەتیە. باشە لێکۆڵەرەوە بۆ ناپرسێت ئەم چاڵە هی چیەو کێ لێی داوە و کێ بەرپرسیارە لە پڕکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی خەڵک لێی؟
لە رووداوێکی تری هاو شیوە کە بەر لەماوەیەک و لە هەمان تەلەفزیۆن بە دەنگ و رەنگەوە پیشان درا لۆرییێکی گەورە لە شارۆچکەی دیانە دەکەوێتە ناو چاڵێکی زۆر مەزنەوە بەڵام لە ناوەڕاستی گەورەترین شەقامی سەرەکی ئەو شارۆچکەیە!! هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە چاڵێکی دورودرێژیان لێداوە‌و شەقامەکەی بڕیوە و هیچ ئاماژەیەک یان نیشانەیەک یان (تحویل) یێک نە دانراوە و نە دروستکراوە بۆ رێنمایی کردنی شوفێرەکان!! ئێ باشە من دەپرسم هەرکەسێک لە ئیمە بە بەڕێوەبەری شارەوانی دیانە و بەو قۆنتەراچیەشەوە کە ئەم کارەی کردوە ئەگەر لە شوینی ئەو شوفێرە داماوە بوایە هەر هەمان کارەساتی بەسەر دا نەدەهات؟؟. لە وولاتانی ئەورووپا و بۆ نموونە لە ئەڵمانیا ئەگەر رێبوارێک لە رێگایەک بەرببێتەوەو جا بە هۆی چاڵێکی بچووکەوە بێت یان تاسەیەک و تەنها ئازار ببینێ یان ئەندامێکی لەشی زەرەرمەند بێت بە مەرجێک ئەگەر بە شریتی ئاگادار کردنەوەی تایبەت دەورە نەدرابێت ئەوا بۆی هەیە کەداوا لەسەر دەوڵەت تۆمار بکات و مافی خۆی وەربگرێت جا هەرچەند بیت. چونکە بە پێی بچووکترین پرنسیپی حوکمڕانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەوڵەت بەرپرسیارە لە ژیان و ماڵ و کەرامەتی هەر تاکێکی کۆمەڵ. ڕاستە جیاوازیەکی یەکجار گەورە هەیە لە نێوان وولاتێکی وەکوو ئەڵمانیای خاوەن شارستانی و خاوەن حوکمڕانی سەدان ساڵەی خۆی بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت حوکمەتی ئیمە کە

شەرعیەتەکەی لەو خەڵکە وەرگرتوەو ئێمە ئەو حوکمەتە بە سێبەری پارێزگاری خۆمان دەزانین ئازایانە بێتە پێشەوەو بەرپرسیارێتی خۆی لەو کێشەو کێشە هاوشێوەکانی تر دەرببڕێ قەرەبوی لێقەوماوان بکاتەوە و هەوڵ بۆ ئەوە بدات کە ئیتر شتی لەو بابەتە روونەدەن و لە هەنگاوەکانمان بۆ ئاوەدانکردنەوە کە جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەکە پێوانەکانی هێلکاری شارستانی (ئوربان دیزاین) بەکاربهێنین چ بۆ کاتی کارکردن و چ بۆ کاتی بەکارهێنانی ئەو دەزگایانا پاش تەواوبوونیان.